# بۆ دەبێ ئاڵای کورد بکرێت بە ئاڵای کوردستان!

## کۆمەڵێک تێبینی لەسەر دەروازەی یەکەمی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان

شێرکۆ کرمانج – کاندیدی دکتۆرا، زانکۆی ساوس ئوستراليا
Sherko9@hotmail.com

ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە 39، سێ شەممە، 2006/10/3 بڵاوبۆتەوە.

ڕۆژی 2006/8/22 یەکەمین ڕەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان دەرچوو. دەستخۆشی لە هەموو ئەو پسپۆڕو شارەزایانە دەکەم کە ئەو ئەرکە گەورەیەیان خستبووە سەرەشانیان. هەڵوێستێکی شارستانیانەیە کە دەستووەرەکە خراوەتە بەردەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن، هەروەها دەربڕینی سەرنج و تێبینییەکانیان. من لەبەرئەوەی ئێستا خەریکی دکتۆرام لە بواری شوناس و تا ڕادەیەک شارەزام لە بواری شوناسی نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و مەزهەبی، بۆیە پێمباشبوو لە سەرنجەکانمدا جەخت بکەمە سەر دیباجەکە و دەروازەی یەکەمی پرۆژە دەستوورییەکە، کە تایبەتن بە شوناسی کوردستان.

لەسەرەتا دەبێ بڵێم کە دەقە کوردییەکەی دەستوورەکە هێندە کرچ و کاڵە جێگای قێزبوونەوەیە و وا لە مرۆڤ دەکات زگی بە زمانی کوردی بسوتێت. من دوێنێ لە تەلەفزیۆنی کوردسات گوێم لە دکتۆر نوری تاڵەبانی بوو گوتی دەبوایە دەقەکە لە سەرەتا بە کوردی بنوسرابایەتەوە و بکرابا بە بنەماو ئەوسا تەرجومەی سەر زمانەکانی دیکە، وەک عەرەبی و ئینگلیزی بکرابا. خۆزگە وابکرا، بۆیە بۆ دەقە هەمیشەییەکە پێشنیازەکەی دکتۆر نوری تاڵەبانی دووبارە دەکەمەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم لاوازی زمانی دەقەکە تەنها پەیوەندی بەو خاڵەوە نیە، بەڵکو داڕشتن و ڕێزمان و وشە و زاراوە و دەستەواژە هەڵبژاردنیش دەگرێتەوە. بۆ ڕزگاربوون لەم کێشەیە پێشنیازی لیژنەیەک دەکەم لە زمانزانانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بە هاوکاری یاساناسان و مافپەروەران، بۆ داڕشتنەوەی دەقەکە. من هیچ ڕەخنەی زمانەوانی ناگرم چونکە باوەڕم بەو پەندە هەیە کە دەڵێ "نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب".

پێشئەوەی بچمە سەر ئەو خاڵە سەرەکییانەی دەمەوێ تێبینیان لەسەر بنوسم، دەبێ بڵێم کە دیباجەکە زیاد لە پێویست درێژەو پێویستی بە کوردتکردنەوە هەیە. دیباجەکە کورتە باسێکی مێژووییە کە دەبوو پەیامێک بێت بە کورتی هۆی نوسینی دەستوورەکەی تێدا دیاریبکرێت. کۆمەڵێک هەڵەشی تێدایە کە بنەمای لەسەر ڕۆمانسییەتی ناسیونالیستی کوردی داناوە. بۆنمونە، دەڵێ " کوردستانی عێراق... ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێك نەبووە لە عێراقی عەرەبی... هیچ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پشتڕاستیان ناکەنەوە و ئەو کتێب و نەخشانەی مێژوونووس و جوگرافیناسە کۆنەکانی عەرەب کێشاویانن و نەخشەکانی سەدەی شازدەم و بیستەمی ئەوروپاییەکان بەدرۆیان دەخەنەوە و بۆیان دەرکەوت سنووری عێراق، لە باکوورەوە لە چیای حەمرین تێپەرناکات و کوردستان هەرگیز بەشێك لە ئەنادۆڵ نەبووە". ڕاستە کوردستان بەشێک نەبووە لە ئەنادۆڵ بەڵام بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. لە پەیوەند بە عێراقیشەوە، عێراق خۆی بوونی نەبوو تا دوای شەڕی جیهانی یەکەم بۆیە باسکردن لەوە ڕەتکردنەوەیەکی ناسیونالیستانەی کوردە بۆ ئیدیعایەکی ناسیونالیستانەی عەرەبی. من پێموایە دەقە دەستوورییەکان دەبێ خۆ لەم کێشمەکێشمانە بە دوور بگرن، چونکە ئەمە ئەرکی ئەکادیمیەکانە.

لە دیباجەکەدا پڕ بە پێست ئاماژە بۆ فرەکلتوری و نەتەوەیی و ئایینی خەڵکی کوردستان نەکراوە، پەنجە بۆ ئەو نەهامەتیانەی بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان وەک پێویست درێژنەکراوە. بۆنمونە، ناوی فەیلییەکان لە شوێنێکیدا هاتووە لە وەدەچێت هەر بۆ ئەوە ئاماژەی پێکرابێت تا بڵێن ئەوە نیە ناوی ئێوەشمان هێناوە. لە ڕاستیدا لەو شوێنەی کە لە دیباجەکە ناوی کەمینە نەتەوییەکان و پێکهاتە جیاجیاکان کراوە ئاماژەیە بە دەستوری هەمیشەیی عێراق نەک دەستووری هەرێمی کوردستان. واچاکە زەقتر باس لە هەمەچەشنی پێکهاتەکانی کوردستان بکرێت بەتایبەتی ئەوانەی بە نەتەوە لە کورد جیان، وەک تورکمان و سریان و کلدان و ئەرمەنییەکان.

لێرەدا دەبێ بگوترێت کە دەستوورەکە نەیتوانیوە زانستیانە هەندێک زارەو دەستەواژە لێکبکاتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە چەمک لە خۆدەگرن، وەک نەتەوە، گەل. دەستوورەکە بەمە دەستپێدەکات "ئێمە، گەلی کوردستان- عێراق"ین، واتە هەموو ئەوانەی لە کوردستان دەژین بە گەل ی کوردستانی ناوزەدکردوون، کە بەرامبەر زاراوەی (الشعب)ی عەرەبییە. دواتر لە بڕگەیەکی دیکەی دیباجەکە

هاتووه "بەخۆگێلکردن لە مافە نەتەوەییەکانمان نەوەستان"، لێرەدا ئەگەر ئەم دەستووره دەستوری گەلی کوردستانە دەبێت لە هەموو شوێنێک کە باس لە خەڵکی کوردستان دەکرێت بە 'گەل' ناوببرێت. ئەگەریش مەبەست نەتەوەیێک لە نەتەوەکانی گەلی کوردستانە دەبێت ئاماژە بە نەتەوەکە بکرێت، وەک ئەوەی بڵێین نەتەوەی کورد، نەتەوەی تورکمان. دیارە لاوازی زمانی کوردی لەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا لایەنێکی زمانەوانی، وەک کۆڕی زانیاری کوردستان، بڕیاری نەداوە لەسەر ئەوەی کە مەبەست لە نەتەوە، گەل، چیە. من پێموایە ئەو قاتیپاتیکردنە دەبێت لە دەستورە هەمیشەییەکە لاببردرێت و لایەنە پەیوەندارەکان ئەم مەسەلەیە یەکلابکەنەوە. هەر لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە بە غەیرەز کورد نەتەوەی دیکە لە کوردستان نین بەڵکو ئەوانەی دیکە گروپی ئیتنیین زیاتر لەوەی نەتەوە بن، بەڵام ئێستا کاتی باسکردنی ئەم مەسەلەیە نیە.
دیارە دیباجەکە ڕەخنە لەوە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت کە لەسەرەوە پەنجەی بۆ ڕاکێشرا، پێویستی بە کورتکردنەوەو پوختە کردنێکی جوان هەیە، درێژییەکەی لە ڕادەبەدەر گیانداهێزەرە. ئێستا با بێینە سەر ماددەکانی دەروازەی یەکەم. لە ماددەی یەکەمدا دەڵێت سیستەمە یاسایيەکەی، کوردستان، بنەما لەسەر لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبەستێت، بەڵام لەم بەندەدا نە دەسەڵاتەکان دیاریکراون نە ئاماژەش بۆ بەندێک کراوە کە دەسەڵاتەکانی تێدا دیاریکرابێت.
دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان لە بەندی دووەمدا بە وردی هاتووه. بەڵام لە خاڵی دووەمی بەندی دووەم دەڵێت "بۆ دیارکردنی سنوری کارگێڕی هەرێمی کوردستان، پشت بە ماددەی140ی دەستوری **فیدراڵی دەبەسترێت**". ئەمە خۆی لە خۆیدا دژایەتییەک لەگەڵ خاڵەکەی پێشخۆی دروستدەکات. من پێموایە هەر خاڵی دووەمی بەندەکە کافی بوو. دەکرێ ئەم ڕستەیەی بۆ زیادبکرێت؛ ئەگەر حکومەتی عێراقی، وەک لە بەرنامەکەی داهاتووه، تا کۆتایی ساڵێ 2007، وەک ئەوەی لە دەستووری هەمیشەییدا هاتووه، کێشەی سنووری هەرێم یەکلانەکاتەوە، ئەو کات پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەک تەرخاندەکات بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێم. یان هەر جۆرە چارەسەییەکی لەم چەشنە.
لە ماددەی شەشەمدا ئەو ئیشکالیەتەی کە لەسەروە دەربارەی چەمکی نەتەوەو گەل ئاماژەمپێکرد دەردەکەوێت. ماددەکە دەڵێت "گەلی کوردستان-عێراق پێکهاتووه لە کوردو نەتەوەکانی دی (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن و عەرەب)". لێرەدا کورد جیاکراوەتەوە لە نەتەوەکانی دیکە، نازانم هۆکەی چیە، بەڵام جۆرێک لە خۆبەزلزانینی نەتەوەی کوردی پێوەدیارە. دەنا دەبوایە بنوسرێت 'گەلی کوردستان-عێراق پێکهاتووه لە نەتەوەی کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن و عەرەب. لەوەش ڕاستر ئەوەیە کە بگوتریت گەلی کوردستان پێکهاتووه لە نەتەوەی کوردو ئەم پێکهاتە ئیتنیانە: تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن و عەرەب. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە هاوڵاتیبوون لە هەرێمە، من پێموایە ئەوە دەسەڵاتی فیدرالیە و هەرێمەکان توانای دان یان لێستاندنەوەی مافی هاوڵاتییبوونیان نیە، ئەم ئەرکە لەلایەن دەسەڵاتە فیدرالیەکانەوە ڕێکدەخرێت.
ماددەی هەفتەم، کە باس لە "ناسنامەی موسڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات"، قسە زۆر هەڵدەگرێت. بەڵام بەکورتی زۆر شەرمە بۆ دەستوور ناوی هەندێک پێکهاتەی ئایینیی خەڵکی کوردستان بە "هی دیکە" ناوببات. ئەمە ئەو پەڕی بێحورمەتیکردنە بە بە شەبەک و کاکەیی و ئەهلی هەقەکان، کە ناویان لە دەستوورەکە نەهاتووه، کەچی بە ئاماژەیەکی خێرا "هی دیکە" باسکراون. پێموایە ئەو پارێزەرانەی ئەم دەستورەیان داناوە، دیسان دەستخۆشیان لێدەکەم، چاکدەزانن ئەم جۆرە دەستەواژانە لە دەستوور زۆر نابەجێیە، چونکە وەک گوتم یەکەم بێحورمەتییە بەو پێکهاتانەی کە مەبەستن، دووەمیش ئەمجۆرە دەستەواژانە ئیشکالیەتی تەفسیر و لێکدانەوە لەخۆدەگرن. بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە لەم بەندەدا ناوی تاکە تاکە پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان بهێنرێت. خاڵێکی دیکە لە پەیوەند بەم بەندە ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە مافەکانی ئەو کەسانە ناکات کە پەیڕەو لە هیچ ئایینێک ناکەن. لەوانەیە لێرەدا بپرسن جا ئەمە چ پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە؟ من دەڵێم بەڵێ باوەڕنەبوونیش جۆرێکە لە باوەڕ، بۆیە دەبێت وەک باوەڕەکانی دیکە ڕێزی لێبگیردرێت.
ماددەیەک کە تا ئەم ساتە هیچ تێبینیم لەسەری نەبێت و بە یەکێک لە باشترین ماددەکانی دەروازەی یەکەمیی دەستوورەکەی دابنێم ماددەی هەشتەمە، کە بە ڕاشکاویی و وردی باس لە مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دەکات و ئەو بارودۆخانەی دیاریکردوە کە گەلی کوردستان، بەبێ گەڕانەوە بۆ پرس و بۆچوونی کەسان و لایەنەکانی دیکە، مافی خۆیانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. بەڵام دەبوایە میکانیزمی بڕیارەکە دەستنیشان بکرایە. چونکە گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بزانێت ئەم بڕیارە چارەنوسسازە لە ڕێگەی ڕیفراندۆم دەبێت یان بڕیارێکی پەرلەمان. دیارە من پێشنیازی ڕیفراندۆم دەکەم، چونکە مەسەلەکە پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو گەلی

کوردستانەوە هەیە. ماددەی نۆ و دەش ، کە تایبەتن بە ڕێکخستنی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، بە هەموو خاڵەکانیانەوە، جێگای دەستخۆشیلێکردن و پشتیوانیلێکردنن.
ئێستا با بێینە سەر خاڵی سەرکی ئەم وتارە، کە ئاڵای کوردستانە و ماددەی یازدە ئاماژەپێکردوەو چوارچێوەکەی نەخشاندوە. هەموومان ئاگادارین کە مەسەلەی هەڵدان و دابەزاندنی ئاڵای عێراق لە کوردستان لەم دوییانە چەندە کێشە و ململانەو مقۆمقۆی خولڵقاند. ئاڵا بە درێژایی مێژوو سیمبولی ئەو لایەنە بووە کە قەبوڵیکردوەو هەڵیداوە، جا لایەنەکە ئیمپراتۆر، گەل، نەتەوە، حیزب هتد... بووبێت. کورد بەگشتی ڕەتیکردەوە ئاڵای عێراق هەڵبدات، بەکورتییەکەشی دەیگوت: ئەم ئاڵایە ڕەنگدانەوەی فرەنەتەوەیی و فرەکلتوری و فرەئایینی کۆمەڵگە یان گەلی عێراقی نیە. من پێموایە ئەم گوتارە یەکگرتوانەیەی کورد ڕاستتیەکی زۆری تێدایە، ئەوە بێجگە لەوەی کە ئاڵاکە ئاڵای بەعسەو ئەنفال لەژێر سایەیی‌دا ئەنجامدراوە. ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە کورد لە کاتێکدا ئاڵایەک ڕەتدەکاتەوە کە ڕانگدانەوەی ئەوی تێدانیە، کەچی ئاڵایەک بەسەر خەڵکی کوردستان دەسەپێنێ کە ڕەنگدانەوەی فرەفەرهەنگی و فرەکلتوریی و فرەئایینیی گەلی کوردستان نیە! لە ڕەشنوسی دەستوورەکە، بەسەرپێیش بێت، باس لەم فرەکلتوری گەلی کوردستان کراوە. ئەگەر ئەمە ڕاستە دەبێت ڕێزیش لەم پرنسیپە بگیردرێت. مەبەستم ئەوەیە، ئەو ئاڵایەی بە ئاڵای کوردستان لە دەستوورەکەدا ناسراوە، ئەوە ئاڵای کوردە نەک کوردستان. بۆیە من پێموایە دەبێ ئاڵایەکی دیکە بۆ کوردستان دابڕێژرێت، کە دەکرێت بنەماکەی ئەم ئاڵایەی ئێستای کورد بێت، بەڵام هەندێک سیمبول و هێمای دیکەی بۆ زیادبکرێت کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی دیکەی گەلی کوردستان بن، وەک تورکمان، ئاشوری، کلدانی، ئەرمەن، عەرەب، ئێزییدی، شەبەک و فەیلی. ڕێزگرتن لە فرەکلتوری گەلی کوردستان و چەسپاندنی لە دەستووری هەمیشەیی، کورد جیادەکاتەوە لەو لایەنانەی کە دان بە بەرابەر (الاخر) نانێن. دەستووری هەمیشەیی کوردستان دەبێ نموونەیەکی هاوتابێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هۆیەک بێت بۆ ناساندنی گەلی کوردستان. دیارە من نامەوێ پێشنیازی هێمای پێکهاتەکانی دیکەی گەلی کوردستان بکەم، چونکە دەبێ لیژنەی نوسینەوەی دەستوور خۆی پرس و ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرو شارەزایانی پێکهاتەکان بکات. ئەوان بەخۆیان دەبێ بڕیاردەربن لەوەی کە چ هێما و نەخشێک ڕەنگدانەوەی ئەوان دەبێت.
من دڵنیام بۆ زۆرێک لە کوردان قسەکردن لەسەر ئاڵای ئێستا بڨەیە، بەڵام کورد دەبێ لەو قاوغە ڕووتە بێتە دەرەوەو بە نمونە بیسەلمێنێ کە نەتەوەیەکە ڕێز لە نەتەوەکانی دیکە دەگرێت و پرنسیپی لێبوودەیی و قەبوڵکردنی کەسانی دیکەی کردۆتە بنەمای هەرە سەرەکی بۆ سەر لە نوێ داڕشتنەوەو نەخشاندنی سیستەمی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستان. ئەو ماددەو بەندانەی دان بە فەرمیبوونی زمانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی دەنێن جێگای پێزانین بەڵام دەبێت لەوێوە هەنگاو بهاوێشترێت بۆ هەرچی زیاتر تەبایی و تۆکمەکردنی ڕێزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. دەبێ ئەوەش بڵێم کە دەستکاری پێشنیازکراو بۆ ئاڵای کوردستانە نەک ئاڵای کورد، ئاڵای کورد پێویست بە دەستکاریکردن ناکات.
خاڵێکی دیکەی جێگەی هەڵوەستەکردن لە دەستوورەکەدا، مەسەلەی بردنی ناوی پێشمەرگەیە وەک هێزی بەرگریکردن لە کوردستان. من پێموایە چونکە هێزی پێشمەرگە لەسەرتای دروستبوونیەوە کەم تا زۆر سەر بە لایەنێک یان حزبێکی کوردستانییەوە بووە، بۆیە بۆ ڕزگارکردنی لە تەمی میلیشیا، ئەو هێزەی کە ئەرکی پارێزگاریکردنی کوردستانی پێدەسپێردرێت ناوی لێبنرێت 'هێزی بەرگری کوردستان'. بە مەرجێک هەوڵبدرێت لە دەستتێوەردانی حیزبەکان دووربخرێتەوە. هەروەها، ئینتیمای نیشتیمانی و کوردستانیبوون لەناو ریزەکانیدا ببێتە بناغەی دامەزراندن و گەشەپێدانی. هیوادارم بەشدارانی نووسینی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان، نەک هەر پێشنیاز و سەرنجەکانی من، بەڵکو هی هەموو کەسێک بە دڵێکی فراوان وەبگرن. مەبەستیش تانە لێدان نیە بگرە زیاتر دەوڵەمەنترکردنی دەستوورەکەیە، بەمەبەستی زیاتر پشتیوانیلێکردنی لەلایەن خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە.

Sherko9@hotmail.com